# پێگەی بابەتی کۆمەڵگای مەدەنی لە
# پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگادا

- بەشی یەکەم -

**دارا مەحمود**

## سەرەتایەکی دیرۆکی

بابەتی کۆمەڵگای مەدەنی، وەك هەر لکێکی تری زانستی سیاسەت، دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی سیاسی کۆن. بەڵام بێگومان بە تێگەیشتن و واتای تەواو جیاواز لەمەی ئەمڕۆ. کرۆکی بابەتەکەش لە پەیوەندی نێوان دوو دەسەڵات، واتا دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی کۆمەڵگادا خڕدەبێتەوە.

ئیفلاتون، کە سەرسەختانە داکۆکی لە دەوڵەتی پاشایەتی سەردەمی خۆی دەکات، پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا وەك پەیوەندی نێوان باوك و فەرزەند دەبینێت و وەك ڕەتکردنەوەیەکی دەوڵەتی دیموکراسیی پێیوایە کە: (لە حکومەتێکی دیموکراسیی واقیعیدا هەرکەس بخوازێ دەتوانێ بەشداربوونی خۆی لە جەنگێکدا کە وڵاتەکەی تووشی بووە ڕەتکاتەوە و بە پێچەوانەوەش هەر هاوڵاتییەك لەسەردەمی ئاشتی و هێمنیدا دەتوانێت بەتەنیا جەنگ ڕاگەیەنێت.) و دیارە ئیفلاتون هێندە لە دەوڵەتی دیموکراسیی بێهیوایە کە بە پەیدابوون و سەرهەڵدانی هەلومەرجی پاشاگەردانی و هەرکەس هەرکەسی و لەناوچوونی ڕێزو بایەخەکانی دەزانێت و سەرئەنجام ئەو مافە بەدەسەڵاتی سیاسی دەدات کە تەنیا فەرمان دەربکات و ئەو ئەرکەش دەخاتە ئەستۆی کۆمەڵگا کە ئەو فەرمانانە بەجێ بهێنێت.

هەروا ئەرەستۆش گەرچی گەشبینانەتر دەڕوانێتە دەوڵەتی دیموکراسیی، بەڵام لەسەرجەمدا دەربارەی چییەتی ئەرکەکانی دەوڵەت لەگەڵ ئیفلاتوندا هاوبیرە. و هەردوو پێیانوایە کە باشترین سیستەمێکی حوکم ئەوەیە کە هەستی پەیوەندی خانەوادەیی لەناو خەڵکیدا بەهێزبکات. و هیچکامیان لەو باوەڕەدانین کە گرنگترین ئەرکی دەوڵەت دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستەیە بۆ کۆمەڵگا.

ئەرەستۆ ئازادییەکانی تاك بەسامانەوە دەبەستێتەوە و پێیوایە کە هەرچەند کۆمەڵگا خاوەنی سامانی زۆرتر بێت، ئازادییەکەشی زۆرتر دەبێت. و لەو باوەڕەدایە کە: ( ئەگەر کەسێك بیەوێ ڕێبەرایەتی و فەرمانڕەوایی بەسەر کەسێکی تردا بکات پێویستە دەوڵەمەنترو سامانی لەو کەسە زۆرتر بێت.).

شایانی گوتنە کە پەیوەندی نێوان هاوڵاتیانی دەوڵەت (Polis)ی ئاتێن کە بە دەوڵەتی شار Sity State ناسراوە، وەك پەیوەندی ناو خانەوادە باوك سالارانە، واتا، ژن ملکەچی مێرد و بچوك ملکەچی لەخۆی گەورەتر بوو.

بەڵام ئەوەی ئیفلاتون و ئەرەستۆ دەربارەی دواون، ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی بچوك یان Polisەو بەلەناوچوونی ئەم شێوازی دەوڵەتەو سەرهەڵدانی دەوڵەتی گەورە کە بەئەسکەندەر دەستپێدەکات و پاشانیش دەوڵەتانی جێنشینی ئەوو ئیمپراتۆریای ڕۆم کە پێنسەد ساڵ درێژەی کێشا، گۆڕانکاریی سەرەکی لە بوارەکانی: سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری هاتنەکایەوەو ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی گەورە سەری هەڵدا. شەڕو سەرکەوتنەکانی

ئەسکەندەر، سەردەمێکی نوێیان لەگەڵ خۆدا هێنا کەبەسەردەمی هێلینی Hellenik دەناسرێت. و لەو سەردەمەدا کۆمەڵگای کراوە جێگای کۆمەڵگای داخراوو بچوك دەگرێتەوە. فەرهەنگی جۆربەجۆر ئاشنای یەکتر دەبن و لەیەکتر نزیك دەبنەوە. و فەلسەفە و زانستی سروشتیی یونان لەناو خەڵکانی تردا بڵاودەبنەوە.

لەسەردەمی دەوڵەتی شاردا، دابەشبوونی کۆمەڵگا بەسەر کۆیلەو خاوەن کۆیلەدا سروشتیی و ئەبەدی دەزانرا. بەڵام بەلەناوچوونی ئەم شێوازی دەوڵەتەو پەیدابوونی قوتابخانە فەلسەفییەکانی وەك Stoicism جۆرە بیرکردنەوەیەکی تری پشتبەستوو بەبەرابەری مرۆڤ بەوپێیەی هیچکەس بەشێوەیەکی سروشتیی کۆیلە نییە، هاتە کایەوەو پەرەی سەند. و مارکۆس تولیوس سیسرو(43 – 106پ ز) کە یەکێك لەناودارانی فەلسەفەی ناوبراوو گەورە ڕێبەرانی کۆماری ڕۆمە، بەشێك لەکاری فکریی خۆی بۆ مافەکانی خەڵك تەرخان کردووەو لەم باوەڕەدایە کە تەنیا ئەو یاسایانە ڕاست و لۆژیکین کە لەگەڵ سروشتدا ڕێك دێنەوە، و دەڵێت: (سروشت هەموو مرۆڤەکانی یەکسان خوڵقاندووە). هەروا بەباوەڕی سیسرۆ ئەوە سروشتە کە پەیوەندی نێوان گەلان دیاریی دەکات و دەڵێت: (سروشت فەرمانڕەوایی بۆ ئەوانە دەستەبەرکردووە کە باشترینن.) و ئەو دەسەڵاتی ڕۆم بەباشترین و لەهەمان کاتدا سروشتیی دەبینێت. لەمەشەوە دەردەکەوێ کە دەستەواژەی – قەیسەر یاسایە – ی لاپەسەندە.

سەدەیەك دوای سیسرۆ، سیاسەتمەدارو نووسەرێکی تر بەناوی سینکا Senece دەوڵەت بە ئامرازێك لە پێناوی بەرژەوەندی خەڵکی نازانێت، بەڵکو وەك ئامرازێکی سەرکوتکردن لەپێناوی دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ کەمینەیەکی دیاریکراو دەبێت. و هەر لەم دیدەوە کۆمەڵگای سەردەمی خۆی بە کۆمەڵگایەکی گەندەڵ دەزانێت.

بێگومان دەرکەوتنی ئاینی مەسیحیش، بە ڕۆڵی خۆی گۆڕانکاریی مەزنی هێنایە کایەوە. ئاینی مەسیح لە بناغەدا درێژبوونەوەی ئاینیی جوویە. بەهەندێك جیاوازیەوە، لەمانە: لە ئاینی جوویدا دیرۆك بریتییە لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی پەیوەندی خوا (یەهوە) و نەتەوەی هەڵبژاردەی، واتا بەنی ئیسرائیل. لەکاتێکدا ئاینی مەسیح توانی بەناو میللەتانی تری جۆربەجۆری ژێر باڵی ئیمپراتۆریای ڕۆمدا بڵاوبێتەوە. لە سەرەتادا هەردوو ئاینی جوویی و مەسیحی لەگەڵ دەوڵەتی ڕۆمدا لە دژایەتیدا بوون. بەڵام کاتێك لەسەدەی سێیەمی زایندا ئاینی مەسیح بوو بە ئاینی ڕەسمی دەوڵەت، گۆڕانکاریی بەسەر خودی ئاینەکەشدا هات. لەسەرەتادا مەسیحیەکان قەیسەرو دەوڵەتی ڕۆمیان بە نوێنەری شەیتان لەسەر زەوی دەزانی. بەڵام پاشان قەیسەر بوو بە نوێنەری خواو ئەرکی هەمووان بوو ملکەچی بن. قەیسەریش بە ڕۆڵی خۆی لەبەربەرەکانی کفردا بوو بوو بە هاوپەیمانی کڵێسا.

تیۆرییەکانی سنت ئۆگستین (430-354 ز) و گرنگترین بەرهەمەکانی ئەو لەدەرەوەی پەیوەندییەکانی کڵێساو دەوڵەت، پەیوەندییەکانی جیهانی مادی و جیهانی مەعنەویدا خڕدەبنەوە. ئەو لەو باوەڕەدابوو کە لەڕووی مەعنەوییەوە کڵێسا خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهایەو ئیمپراتۆریش دەبێ ملکەچی بێت. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە یاساکانی ئەم جیهانەوە هەبێت ، هەمووان، بە پیاوانی ئاینییشەوە دەبێ ملکەچی بن.

ڕەوشێکی بەم شێوازە بەبێ گۆڕانکارییەکی یەکجار گەورە تا سەدەی یازدەهەم بەردەوامبوو. و لە سەدەی سێزدەهەمیشس بەملاوە گۆڕانکاریی گەورە بە شێوەیەکی بەرچاوتر هاتنە کایەوە. فەرهەنگی شارنشینی جێگای فەرهەنگی گوندنشینی گرتەوەو پەیوەندی نێوان شارەکان و ڕاکێشانی ڕێگای هاتووچۆ، پەرەسەندنی مەزنیان بەسەرداهات و دەوڵەتی نەتەوەیی سەقامگیربوون. لەسەدەی پازدەهەمیش بەملاوە سیستەمی فیودالی بەرەو

هەرەسهێنان ڕۆیشت و شێوازی بەرهەمهێنان گۆڕانی بەسەردا هات و چینێکی نوێ، واتا بورژوازی هاتە کایەوەو لە پاڵ گۆڕانکارییەکانی بواری ئابووری ، سیستەمی سەدەکانی ناوەڕاست و لاوازبوونی کڵێساش دەستیان پێکرد. فەیلەسوف و بیرمەندانی وەك ماکیاڤیلی لە گۆڕەپانی بیری سیاسیدا بەدیارکەوتن. ماکیاڤیلی بەبەرهەمە بەناوبانگەکەی (میر- 1513) وەك یەکەمین بەرهەمێکی سیاسیانەی بەدوور لە ئامانجێکی ئەخلاقی، ئایدیۆلۆژیایەکی نوێی هێنایە کایەوە.

لەسەدەی هەڤدەهەمیش بەملاوە بیری سیاسی کەوتە بەر شالاوی ڕەخنەی فەیلەسوف و بیرمەندان و بابەتەکانی وەك : ماف و ئازادییەکالنی تاك، جوێکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتر، ئازادیی چاپەمەنی، و حکومەتی یاسا...بەگەرمی هاتنە ناو ناوانەوە.

هۆبزو لاك دوو فەیلەسوفی ئینگلیزی لەبواری پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا، و ئازادییەکانی تاکدا، لەو باوەڕەدابوون کە پێویستە دەوڵەت لەسەر پایەی لەیەکترگەیشتن و هاوکاری یەکیەکی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بنیات بنرێت.

لاك، پێیوایە تاك خاوەنی کۆمەڵە مافێکەو ئەرکی دەوڵەتە ئەو مافانە بپارێزێت. و خۆ ئەگەر دەوڵەت لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی خۆی مافەکانی خەڵکی ژێرپێ بخات، ئەوا بە بڕوای لاك، خەڵکی ئەو مافەیان هەیە خەبات بۆ ڕوخاندنی ئەو سیستەمە فەرمانڕەواییە بکەن.

لەلایەکی ترەوە دەستکەوتەکانی ئیسحاق نیوتن لە بواری زانستی فیزیکدا کاریگەریی مەزنییان لەسەر بیری سیاسی و، بیرو مەعریفە بەگشتی دانا. و تواناو ڕۆڵی عەقڵی سەلماند. بەو پێیەی ئەگەر نیوتن بتوانێ لە بواری میکانیکدا بەم پەرەسەندنانە بگات، بۆ لەدەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیشدا بەدی نەیەن..!؟ و باوەڕکردن بەتواناو ڕۆڵی عەقڵی مرۆڤ لە تیۆریی نوێنەرانی ڕۆشنگەریی وەك ڤۆلتیر، دیدرۆ، مونتسکیۆ...بەرجەستەبوو. و تیۆریی عەقڵگەرایی ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوە کە کاریگەریی هێزی خودایی لەسەر ژیانی مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەسەڵات هەبێت و بەم ڕاستیەش گەیشتن کە هێزی پادشا، هیچ سەرچاوەیەکی خودایی نییەو تەنیا کاتێك شایستەی ڕێزو داکۆکی لێکردنە کە لەخزمەتی خەڵکیدابێت.

هەروا ڕۆسۆ بەبەرهەمە بەناوبانگەکەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) ، کۆمەڵێك بیرو بۆچوونی نوێی هێنایە ئاراوە کە کاریگەریی مەزنیان لەسەر بیری سیاسی سەردەمی خۆی و پاشانیش دانا.

ڕۆسۆ بە قوڵی جەخت لەسەر ڕۆڵی کۆمەڵگاو تاکەکانی لەدەستنیشانکردنی یاساو بڕیارەکانی دەوڵەت دەکاتەوەو دەڵێت: (تەواوی ئەو کەسانەی بڕیارە ملکەچی یاسایەك بن، پێویستە لەدانانی ئەو یاسایەدا ڕۆڵیان هەبووبێ).

ڕۆسۆ باس لە کۆمەڵگای باش و کۆمەڵگای خراپ دەکات و بەلای ئەوەوە، ئەو کۆمەڵگایە باشە کە تاکەکانی باش بن. تاکی باشیش بەدوو ڕێگا بەرهەم دێت: یەکەم، لەڕێگای خوێندن و پەروەردەوە. دووەم، ئەوەی سەرتاپای کۆمەڵگا لە بناغەوە گۆڕانکاریی پەسەند بکات.

جیاوازی نێوان ڕۆسۆو بیرمەندانی تری سەردەمی ڕۆشنگەریی لەچەمکی ناوەرۆکی ئازادیی سیاسیی دایە. بەلای ئەو بیرمەندانەوە، ئازادیی سیاسیی بریتییە لە ئازادیی بیروڕادەربڕین. بەو پێیەی تەنیا لەتوانای عەقڵدایە جیهان بەرەو پێشەوە ببات و ئەگەر سانسۆر لەسەر بەرهەمەکانی عەقڵ دابنرێت، ئیتر ئەرکی سایشتەی خۆی لەدەستدەدات. ئەم بۆچوونە لای ڤۆلتێر لەهی هەمووان ئاشکراترە. بەڵام بەلای ڕۆسۆوە، تاك تەنیا کاتێك دەتوانێت ئازاد بێت کە سەربەدەوڵەت بێت و پەیڕەوی لەو بکات. بەواتایەکی تر ڕۆسۆ پێیوایە کە پێویستە

تاکەکانی کۆمەڵگا لەپێناو خواست و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگادا دەست لەخواست و مەیلەکانی خۆیان هەڵگرن و تەنیا خۆیان بەدەست ئەو هەست و ئاگاییانەوە بدەن کە بەرژەوەندی گشتییان تێدایە. بەڵام هەروەك پاشانیش دەبینین و ئەمڕۆ لای هەمووان ئاشکرایە، چەمکی بەرژەوەندیی گشتی کاتێك بوونی دەبێت و حاڵەتێکی واقیعیانە بەخۆیەوە دەگرێت کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی تاك و یانیش دروستکردنی هاوکێشەیەکی وا کە کەس نەبێتە قوربانی بەرژەوەندی کەسێکی تر دامەزرابێت.

## سەدەی نۆزدەهەم و

## سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیا مۆدێرنەکان

لەسەدەی نۆزدەهەمدا ئایدیۆلۆژیاکانی وەك موحافەزەکاریی، لیبرالیزم، سۆسیالیزم... بەئاستی تۆکمەبوون گەیشتن. هەروا ڕیشەی فاشیزم و نازیزمیش هەر بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە. ئایدیۆلۆژیای موحافەزەکاریی لەبەرانبەر بیری ڕۆشنگەریدا فۆرمی گرت. لیبرالیزمیش درێژەی بیرو فەلسەفەی لاك و ئادام سمیس بوو. و پێشینەی سۆسیالیزمیش هەر دەگەڕێتەوە سەدەکانی پێش خۆی.

ئیتر پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگاو بابەتی کۆمەڵگای مەدەنیش هاوکات لەگەڵ فۆرمگرتنی ئایدیۆلۆژیاکان واتاو چەمکی نوێترو دیدگەلی پشتبەستوو بەو ئایدیۆلۆژیانەی بەخۆوەگرت. کە لەهەمووان کاریگەرترو ناسراوتر دیدی ئابووری سیاسییە.

بەلای پەیڕەوانی بیری ئابووری سیاسییەوە، بۆ دەستنیشانکردنی میکانیزمی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستە سەرنج بەساختی ئابووری بدرێت.

مارکس لەم بارەیەوە دەڵێت: (پەیوەندییە یاساییەکان و شێوازی دۆستانە نەلەڕێگای خۆیانەوە شیاوی تێگەیشتنن و نەلەڕێگای پێشکەوتنی گشتیی هزری مرۆڤیشەوە دەتوانرێ ڕوونبکرێنەوە. بەڵکو پێویستە لەهەلومەرجە مادییەکان بۆ ڕیشەی ئەوان بگەڕێین.) کە هێگل بە پەیڕەوی لە نووسەرە ئینگلیزو فەرەنسیەکانی سەدەی هەژدەهەم ناوی: (کۆمەڵگای مەدەنی) لێناوە. هەروا بەلای مارکسەوە کۆمەڵگای مەدەنی هەمان پێگەی ململانێی چینایەتییە. واتا ململانێ لەنێوان ئەوانەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان لەدەستدایەو ئەوانەش کە لەدەستیاندانییە.

دیارە هێگل کە بەر لەمارکس دێت، بابەتی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا، بەشێکی گرنگ لە بیرو فەلسەفەی ئەو پێکدەهێنن. هێگل بە پێچەوانەی داروین کە دوای خۆی دێت، پێیوانیە کە گیانداران لە بێگیانەوە پەیدابوون و پاشان بەرەو تەکامول پەرەیان سەندووە. بەڵکو پێیوایە: (گۆڕانکارییەکانی سروشت هەرچەند جۆراوجۆرو بێ سنوربن، تەنیا بریتین لەیەك جووڵەی بازنەیی کە بەردەوام خۆیان دووبارە دەکەنەوە). بۆیە تەنیا مرۆڤ خاوەنی دیرۆکە. پەیڕەویی لەناوەرۆکی دیرۆکیش تەنیا بە پەیڕەوی لە ڕووداوە دیرۆکیەکان نابێت، بەڵکو مرۆڤ دەبێ ئامانجی دیرۆك بناسێت. ئەمەش نابێت مەگەر ئەوەی بەچەمکی فەلسەفی دیرۆك ئاشنابێت. دەنا هەرگیز ناتوانێت بزانێت چ دەوڵەتێك دەبێتە مایەی پێشکەوتن و چ دەوڵەتێکیش دەبێتە کۆسپ لەسەر ڕێگای پێشکەوتن. و بۆ ئەمەش ناسینی چییەتی دەوڵەت پێویستە.

هێگل کاتێك باس لە تەکامول دەکات لایەنی ئابووریش دەگرێتەوە. بەڵام بەلای ئەوەوە تەکامولی ئابووریی و تەکنیکی تەنیا لە کۆمەڵگای بورژوازیدا بەردەوام دەبێت. و پەیوەندییەکانی ئابووریی ئازاد، دەتوانێ هێزی بزوێنەری تەکامولی ئابووریی بن.

هەروا بەلای هێگلەوە، کۆمەڵگای مەدەنی بریتییە لەکۆمەڵە دەستەو توێژێك کە لەچوارچێوەی دەستەیەکی گشتی Univercal دا یەکدەگرنەوە. و هەریەك لەم دەستەو توێژانە بەردەوام لە هەوڵی بەدەستخستنی نان و سامان و قازانجی خۆی لەسەر حسابی دەستەو توێژەکانی تردایە. بەڵام دەستە گشتییەکە، کە بە دوای سوودی گشتییەوەیە نەك هی خۆی، کێشەو ململانێکان سنوردار دەکات و ڕێکیان دەخات. و دەڵێت: ( تاك کە خۆی ئامانجی خۆیەتی، بریتییە لە کۆمەڵە نیازو پێویستییەکی سروشتیی. و یەکێکیشە لە بناغەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. بەڵام ئەو (تاك)ە لە بنەڕەتدا لەگەڵ خەڵکانی تر بەردەوام لە پەیوەندی دایە. لەبەر ئەمە بەدەستهێنانی نیازەکانی ئەو، لە ڕێگای خەڵکانی ترو بەواتایەکی تر لە ڕێگای چوارچێوەیەکی گشتییەوە دەبێت. ئەم چوارچێوە گشتییەش بناغەیەکی تری کۆمەڵگای مەدەنییە).

هەروا هێگل دابەشکردنی کارو پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا بە ڕێگاچارەی گرفتەکانی تاك و دەستەبەرکردنی نیازەکانی دەزانێت. و بە بڕوای ئەو مرۆڤ بۆ ئەوەی مرۆڤ بێت، حەتمەن دەبێ سەر بە چینێك، توێژێك، یان دەزگایەکی کۆمەڵایەتی بێت. و (کاتێك دەڵێین کەس، پێویستە مەبەستمان ئەو کەسە بێت کە سەر بە چینێکە.).

بەمجۆرە لەدیدی هێگلەوە کۆمەڵگای مەدەنی بریتییە لە کۆمەڵە دامودەزگایەکی کۆمەڵایەتی جیاواز کە میکانیزمی چارەسەریی کێشەو ململانێی نێوان ئەم دەزگایانەو ڕیکخستنیان لە لایەن دەوڵەتەوە دەبێت. دەوڵەوتیش لە ڕێگای دروستکردنی چین، یان دەستەو یانیش چوارچێوەیەکی گشتییەوە کە ئامانجی تەنیا سوودی گشتییە نەك تایبەت، دەتوانێ دەوڵەتێکی شایستە بهێنێتە کایەوە.

**- ماویەتی-**